چامپیۆنز لیگ.. پاریس بۆ سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک شکستی بە ئێستۆن ڤێلا هێنا



لە چامپیۆنز لیگ پاریس بۆ سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک شکستی بە ئێستۆن ڤێلا هێنا.

لە یاریی چوونی قۆناغی چارەکی کۆتایی چامپیۆنز لیگ، پاریس سان جەرمان و ئێستۆن ڤێلا لە باخچەی شازادەکان بەیەکگەیشتن.

تایمی یەکەم، دوور لە چاوەڕوانییەکان ئێستۆن ڤێلا دەستی خۆی پێشخست و لە خولەکی 35 ڕۆجەرس گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، بەڵام چوار خولەک دواتر دەوی بە لەدانەکی نایاب ئینجامەکەی هێنایەوە خاڵی دەستپێک، تایمی یەکەمیش بەو ئینجامە کۆتایی هات.

لە تایمی دووەم، پاریس کۆنترۆڵی یاریگای کرد و دوو گۆڵی دیکەی لە خولەکەکانی 49 و سێ خولەکی کۆتایی کاتی زیادکراو لە ڕێگەی کفارا و مەندەس تۆمارکرد.

سەرئەنجام یاریەکە بە سێ گۆڵ بەرامبەر بە گۆڵێک لە سودی تیپەکەی ئینریکی کۆتای هات، یاریی

داهاتووش لە یاریگای فەلا پارکی تایبەت بۆ ئەستۆن فەلا ئەنجام دەدرێت، تیایدا براوەی گەیشتوو بۆ قۆناغی پێش کۆتایی دیاریی دەکات.